

نزاو چامەی شعر

# پەیامێک بۆ.. خودا

ملا زانا خەیام

٢٠١١

نزاو چامەی شیعر

# پەیامێک بۆ :

# خودا

ملازانا خەیام

2011

بەناوی خودای بەزەیی و بەخشندە

ئەو خودایەی

کە لەگەڵ ناوی زیانت پێ ناگات

بەناوی خودای دەستە وستان کەر

بەناوی خودای بدەری بەندەکان

بەناوی ئەم خودایەی

کەلەگەڵ ناوی چەوتی کارا نی یە

نە لە ئاسمان و نە لە زەوی

خۆم پاراستوە بە ناوت ئەی خودایە

لە ئایینم و گیان و خێزان و منداڵ و کەس و کارم

دەست پێک

# بەناوی خودای گشت کاتێ

لەبەندەیەکی لێ قەوماو
بۆ خودایەکی تاک و میهرەبان
لە بەندەیەکی هەژار
بۆ خودایەکی ساماندار
لەبەندەیەکی نقوم بوو
بۆ خودایەکی دەرهێنەر
لەبەندەیەکی پڕ سەرکەش
و تاوانبار
بۆ خودایەکی بەخشێنەر
لەبەندەیەکی (نەزان)
بۆ خودایەکی (زانا)
لەبەندەیەکی بچوک
بۆ خودایەکی گەورە

## له پەروەر بۆ پەروەردگار

لە بەندەیەکی (قەرزار)
بۆ خودایەکی (فریاد رەس)
لەبەندەیەکی (کوێر)
بۆ خوایەکی (بینەر)
لەبەندەیەکی (کەڕ)
بۆ خودایەکی (بیسەر)
لەبەندەیەکی لە زیندان
بۆ خودایەکی رزگارکەر
لەبەندەیەکی (نزم)
بۆ خودایەکی (بەرز)
لەبەندەیەکی (لاڵ)
بۆ خودایەکی (جوانبێژ)
لەبەندەیەکی (ستایشکار)
بۆ خودایەکی (شکۆمەند)
لەبەندەیەکی (بێ هێز)
بۆ خودایەکی (توانا)

لەبەندەیەکی (گوناهبار)

بۆ خودایەکی (داپۆشەر)

لەبەندەیەکی (نا بەدڵ)

بۆ خودایەکی (خۆشەویست)

لەبەندەیەکی (دروست کراو)

بۆ خودایەکی (دروست کەر)

له بچوک بۆ (گەورە)

لەبەندەیەکی (ژێر ڕکێف)

بۆ خودایەکی (ڕکێف) دەر

لەبەندەیەکی (بژێو دراو)

بۆ خودایەکی (بژێو دەر)

لەبەندەیەکی (مردوو)

بۆ خودایەکی (زیند وو)

لەبەندەیەکی (ژێر کەوتوو)

بۆ خودایەکی (سەر خەر)

لەبەندەیەکی (نەخۆش)

بۆ خودایەکی (تیمارکەر)

ناوەرۆک

## (ئەی خودایە)

من کەوتومەتە کێشە
تۆش بەزەیی بەخشی بەزەیانی
من کەوتومەتە چاڵ
تۆش دەرهێنەری بەندەکانی
لەوەی تێی کەوتوم ئاگاداری
تۆش ئەندازە گیری ڕووداوەکانی
ئەی پەروەردگاری بەخشەر
پێم ببەخشە پێویستیەکانم
بڕوام وایە کە چەند میهرەبانی

هیچ گرێ یەک نە هیچ دەرگا
لە ڕووی ئیمە نەکراوەتەوە
تۆ کراوەی دەرگاکانی

دەست بارێک نیە جگە لەتۆ

تۆ دەست گری هەژارانی

ئەی ئەم زاتەی

کە (سکالاٚ) لاٚت

پشت گوێ ناخرێ

ئەی گوێ گری سکالاٚ کان

هەر تۆ شارەزای (شاراوانی)

ئەی بەدیار خەری نەهامەتی

ئەی رزگار کەری (عیسی و موسی)

ئەی پارێزەری (محمد مستفا )

ئەی نەسوتێنی (ابراهیم خلیل)

ئەی رزگارکەری (یوسف لە زیندان)

ئەی خاوەن بەندە ئەی خودای بەندان

(یونس ) ت لە نەهەنگ شاردەوە

بە نەهەنگیش زیندانت کرد

لە نیو زگی نەهەنگیشا

لە خنکان دەربازت کرد

تکا دەکەم ...........

لە زیندانی تۆ

لەو پەڕی لە دەست دانوو

لەو پەڕی بێ هێزی

لەو پەڕی بێ کەسی و

لەم بێ دەسەلأتیەم

لەو پەڕی بێ هیوایم لە هەموو شتێ

لەو پەڕی دوور

لە هاناو کەسێ

ئەی خودایە...........

.ڕوو لە تۆ دەکەم

نزای کەسێکی نقوم بووی هەژار

کە دەنگی چوار مەتر دوور ناکەوێتەوە

مەگەر تۆ بە گەورە یبیت

گوێ لە ئاهی نزاکەم بگری

ئەی بەخشەری بەزە ییەکان

ئەی پەروەردگاری نزاکان

نزام گیرابکە پێویستم دابین بکە
بە تاوانی ئێمە مەکە
بەگەورەی و بەخشینت بکە
پەناگام هەر تۆی
وە پشت هەر بەتۆ دەبەستم
ئەی یەزدانی دادپەروە ر
لە لای خۆت پەناگەیەک
لەلای خۆت دەربازکەرێک
لە لای خۆت رزگارکەرێک
ئەی خودایە بۆم دابین کە
بە گەورەیی و بەخشینت بکە
ئەی یەزدانی باڵاو بە توانا،
باڵای نێو خەڵکیمان بکە
سەر بەرزو شادومان بکە
لە هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک
ریسواو سەر شۆڕم مەکە

دەربازم بکە

لە کۆمەڵی ستەمکاران

لە کۆمەڵی هاوبەشی کاروو

کڕنوش نە بەڕووی زۆرداران

هیچ خودایەک نیە جگە لەتۆ

خاوەنی داهاتوو،و

بوونەوەر

هیچ خودایەک نیە جگە لە تۆ

خاوەن بە خشین و دادپەروەر

پەنا دەگرم بە ووشەکانت

لە ئەهریمەن)ی بێ بەش کراو (

پەنا دەگرم

بەهەموو ووشە جوانەکانت

لە ڕووداود نەهامەتیەکانت

بە پشتیوانی تۆ ڕۆژگار دەبرم

هیچ فەرمان و هێزێک نیە لەڕاست ناوت

ئەی پەروەردگار بڕوادارم بە بەڵێنت

کە فەرمووت

مافە لەسەر ئێمە

ڕزگارکردنی بڕوادار

ئەی خودایە

منیش یەکێکم لە بڕواداران

بەزات و میهرەبانیت

هەروەکو (نوح)ت ڕزگارکرد

لە نەهامەتی و شین و ڕۆڕۆ

کە هاواری بۆ کردی ،

خاو خێزانیت پاراست لە نەهامەتیو تورەی تۆ

ئەی خودایە ڕزگارم بکە

چۆن گەشتی سوارەکەت

ڕزگار کرد لەناو ناخی نەهەنگی خۆت

کردت بەڵگەیەک بۆ جیهان

کە بەهێزوو،گەورە لێ بردەو بەبەخشەری تۆ

ئەی پەروەردگار هیچ پەناگەیەک نیە

جگە لە پەناگەو ئارامگەی تۆ

ڕزگارمان بکە لە ئاگرو خەفەت و نەهامەتی و زیندانی خۆت

لە تاریکی نێو زگی نەهەنگ یونست ڕزگار کرد

منیش ڕزگاربکە

لە تاریکی زیندان و خەفت باریوو گیرژاوی تۆ

ئەی خودایە سینەم فرەوان بکە

فەرمان و کارم ئاسان بکە

گرێی زمانم بکەرەوە

ڕاگرو ئارامم بکە

وتەکانم پاڕاو بکە............

کارەکانم خۆت چارەی بکە

ئەی خودایە

لێم ببورە بەزەیت پێمدابێتەوە

تۆ ئازادکەری ئێمەیی

تۆ سەرخەری تۆ ڕابەری

سەرم بخە بەسەر بێ باوەڕوو زۆرداران

ئەی دابەزرێنەری خوێندنەوەی پیرۆز

چ لە دونیاو چ لە قیامەت

وە لە ئاگر دوورمان بخە

من و کۆچ کردووەکانم

تۆ چاکترین پارێزەری / ئەی بەخشەر ،

بەزەیت بۆم بنێرە
وە لە کاروو فەرمانم نەرمی بنوێنە
کارم ئاسان کە دڵم پڕشادکە
ڕێی نیشاندەرێم بۆ بنێرە
ئەی خودایە
زانستم پێ ببەخشە
ئەی پارێزەربم پارێزە
ئەی (ئاگا) ئاگادارم بە
هیچ هەوڵێک بە دەستم نیە
هەر تۆی ڕزگارکەروو پشت پێ بەستە
هێزو تواناو پشت و پەنام لەزیندانی تاکە کەسیم
کۆم کەرەوە بە بەزە ییەکەت
ئەی خاوەنی کۆکەرەوەی ڕۆژی دادگا
سوپاس و ستایشم هەر بۆ تۆیە
سکالآکانیشم هەر تۆ وەری دەگری
دەرباز بونیشم هەر بۆ تۆیە
تۆش دەرئەنجامیان جێگر دەکەی
ئەی پەروەردگار

گیر بەکرداری ناخۆین
مەگەر تۆ گیرمان پێ نەکەی
هەموو شتێ لە پەرتووکت پارێزراو
سەرەتاو کۆتایی هەژمار کراوە
چونکە هیوادەر تۆ دات هێناوە
ئەی بەخشەر لە هاوسەرانمان خۆش بە
لە خۆشەویستانم خۆش بە
لە ژیان و دڵ و گیانم
لە هەڵە سەرپێچیەکانم
بمبورە لە تاوان و سەرکەشیەکانم
لە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە
لەسزای گۆڕی مردوان و
لە سزای گۆڕە تەنگەکەم
ئەی سەرپە رشتکا ری چاکیەکان
ئەی بدەری بەندەکان
ئەی نیازدەر ئەی ڕزگارکەر
ئەی بەرزکەری نزاکان
ئەی سوڕێنەری ئەرزو ئاسمان

ڕۆژگاری ژیانم ئاشتەواکە
وەکو بۆ (ئیبراهیم)ت سارد و ئاشەوا کرد
لە ئاگر نەت سوتاند بە ماڵ و منداڵت شادکرد
ئەی بەخشەری خۆشی .. ئەی بگری نزاکان
دەربازم بکە لە زیندان ..
وەکو (یوسف)ت دەرباز کرد
منیش ڕزگارکە لە ئازار
ئەی پەروەردگرم من بەندەی تۆم ...
کوڕی بەندەی تۆم
کوڕی بونەوەری تۆم...
دابەزینی نێو چاوانم
لە دەست تۆدان ..
دادت لە جێگای خۆیەتی
یەکسانی لە ماف دانا ..
لێت دەپاڕێمەوە بە هەموو ناوێکت
کەلە پەرتووکەکانت هاتووە ..
یا بەندە یەکت فێر کروە
یا لە زانستی شاراوەت حەشارت داوە

قورئان بکە بەهاری دڵم
وە ڕۆشنایی چاوەکانم
وە لابەری ناخۆشی و خەفەت و
نەهامەتیەکانم
دەرم بهێنە لەم زیندانەی خۆت بۆت داناوم
وە لە خۆشەویستانم ببەخشە

ئەی زەیی بە خشم ...
ئەی سا ڕێژکە ری برینەکانم
داوای دابەزینی (زەیت) دەکەم
لێت دەپاڕێمەوە چاکی بکە کا رو فەرمانم
هیچ گیانداریێک نیە لەسەر زەوی
یا لە دەریا یا لە نێو کاڵانی داردا
یا لەنێو خاک و خۆڵدا
یا لەژێرقوڕ ولیتە
یا لەژێرئاسمانی خۆت
یا لەناوەخنی خاک دا بژێودەکەن

تۆ ناندەرو ژێنەری

تۆ ڕابەری

هەموو لەژێر فەرمانی تۆدان

ئەی پەروەردگار پەنا دەگرم پێت

لەجەنگی دەروونم

لەجەنگی هەر زیندەوەرێک

لەجەنگی ئەهریمەنی بێ بەش بوو لە بەزەیت

پەنادەگرم پێت بم پارێزی

پەروەردگار لێت دەپارێمەوە

بەناوە جوانەکانت

نزای دڵی خۆمی پێ دەکەم

تۆ زانای بەوەی تێ ی کەو تووم

ئەی یەزدانی دەرباز کەرم

ئەی یەکەم زات

ئەی کۆتایی زات

ئەی بەدەرخەری شاراوەکان

ئەی‌داپۆشەری پەنهانەکان

ئەی بەرزترین زات
ئەی شکۆمەند ومیهرەبان
ئەی خاوەنی حەوت چینی خاک
ئەی بیسەری گشت ووتەیەک
ئەی زانا بەگشت کردەوەیەک
ئەی هۆشیار وئەی هۆشمەند
ئەی خاوەنی ڕێز و ستایش
ئەیئەشکێن و ئەی (ئەندازەگیر)
ئەی بە توانا وئەی بەهێزوبیر
ئەی دەوڵەمەند ئەی بەرزکەر
ئەی نزم کەر ئەی سەر شۆ ڕکەر
ئەی دانەری کار لەجێ ی خۆ
ئەی گەورە کەری بەندە(سەرەڕۆ)
ئەی نوسەری گشت ڕازەکان
ئەی ئەندازە گیری گشت ڕووداوەکان
ئەی قبوڵ کەری گشت نزاکان
ئەی (کارزان) ئەی لێ (خۆشبەر)

ئەی تاجی سەر

ئەی دەرگا والاَ بۆ نزاکانان

بۆ گەڕانەوە لەتاوانەکان

ئەی خاوەن دۆزەخ

ئەی خاوەن بەهەشت

ئەی خاوەن فریشتەکان و هەڵ سوڕێنەری کار

ئەی دروست کەری جنۆکە و مرۆڤ

ئەی (ڕۆژی دەر)

ئەی خاوەنی ساڵ ئەی خاوەنی مانگ

ئەی فریاد ڕەسی زیندانەکان

ئەی شادی هێن بۆ نێو دڵەکان

ئەی ڕابەر ئەی سەروەر

ئەی چاودێر ئەی ئامادەکەر

ئەی ووتە جوان ئەی نەرموو نییان

ئەی جوان

ئەی خۆشەویست

ئەی پارێزەر

ئەی پارێزگار لە بەندەکان

ئەی سوپاس گوزار

ئەی دەستە وستان کەر

ئەی نزیکترین زات لە دڵی بەندەکان

ئەی ستایش کراو

ئەی نیشاندەر

ئەی گەیێنەر

ئەی ئاشتی دان

ئەی مرێنەر

ئەی ئەم زاتەی زیندو کردنەوەت لایە

ئەی وێنە کێشی گشت جوان و کۆکێک

ئەی (تاشەری) لاشەی بەندەکان

ئەی ڕاست و دروست

هاوەڵی نزیک

ئەی بێ کۆتایی و سەرەتا

ئەی دەرهێنەرو ئەی دەرماندەر

ئەی ڕوونکەرەوە ئەی داپۆشەر

ئەی ڕۆژی هێنەر ئەی شەو بەسەر داخەر

ئەی کۆکەرەوەی بەندەکان

ئەی ڕوناک کەرەوە زەمین و ئاسمان
تۆ زانای بەوەی ڕوو دەدات
تۆ شارەزای بەوەی ڕووی داوە
چ کەسێ نیە جگە لە زاتت
بزانێ ژیانم چۆن فەوتاوە
کەی کۆچ دەکاو چەندی ماوە
هیوا ئاواتم هەر بەتۆوە ماوە
تۆ ئاگاداری لە بێ تاوانیم
کرەوەی دەرگاشم هەر بە تۆوە داوە
ئەی ڕوون کەرەوە
ئەی بەدەرخەر
ئەی ڕزگارکەر

زەیت بنوێنە بە مالّم
بە ژیانم و بە مندالّم
بە خزم و کەس و خێزانم
دلّی دلێ ڕە قان ئارام بکە
لەم زیندانە ئازادم کە

تۆ دادوەری گشت دادوەرانی
خاوەنی دادگای مەزنی
پەروەردگار
دوژمنم بکە بە دۆست
کەس و کارم بکە بە پشت
ئەی زەیی بەخشی بەزەیان
لە بەندوو دار ڕزگارم بکە
چۆن یوسفت ڕزگارکرد
لە زیندان و لە تاریکی
وەک یونس و ناخی نەهەنگ
ئەی پارێزەر
پارێزگاری شاراوانم بکە
دای بپۆشە ئەی داپۆشەری تاوان و ئابڕووم
بەرزم بکەوە تۆ بەرزی
بم پارێزە تۆ پارێزەری
زانام کە تۆ زانای
دەربازم کە کە تۆ دەربازکەری
ئازادم کە ئەی ئازادکەر

ڕزگارم کە کە تۆ ڕزگارکەری

خۆشەویستی نێو خەڵکمان بکە

تۆ خۆشەویستی

تۆ بەرێزی

تۆ سەرکردەی بوونەوەری

مێشکم کراوەکە تۆ بکەرەوەی

هزرم بێنەوە تۆهێنەرەوەی

هێزم دەرێ (بەهێز)

توانا دەرێ (بەتوانا)

بم بەخشە بەخشەری مەزن

زەیت پێم دابێ ئەی بەزەیی

بەڕێزم کە تۆ بەڕێزی

بژێومدە تۆ بژێودەری

زامم ساڕێژکە تۆ ساڕێژەری

ڕزگارم کە تۆ ڕزگارکەری

کەسەم هەر تۆی

پشتم هەر تۆی

تۆ خاوەنی تەخت و بەختی

تۆ دەربازکەری رێی هەورازوو

تەنگەژەوو سەختی

تۆ رێ ی نیشاندەری رێی لێ ون بوانی

تۆ بیسەری گشت بێ زمانانی

لە جێ ی باوکی بێ باوکانی

خۆشی دەری خۆش نەدیوانی

خودایە لەبەر خاتری زاتی مستفا(درودی خوای لەسەر)

خاتەمی گۆڕی پاکی ئەنبیا

بۆ خاتری گشت پیاو و چاک و وەلی

ئەبوبکرو عوسمان و علی


ڕحمێ کە بەحاڵی کەس ڕێ وون بوو

ڕحمێ کە بەحاڵی هەژاری من

بەبێ کەس و نەداری من

دەستی نزامان خاڵی مەکە

نزاکانمان گیرا بکە


لەبەندەیەکی (نەزان)
بۆ خودایەکی (زانا)
لەبەندەیەکی بچوک
بۆ خودایاکی گەورە
لەپەروەر بۆ
پەروەردگار
ملا زانا خەیام
٢٠١١